# پێڕەوكردنی میتۆدی ئیتمۆلۆژیی لە فێربوونی وشەكانی زمانی دووەمدا

**محەمەد مەجید سەعید**

بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی گەرمیان، كەلار، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: Muhammed.majeed@garmian.edu.krd

**باخان سەرحەد عەبدولڕەحمان**

بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی گەرمیان، كەلار، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: Bakhan.sarhad@garmian.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە (پێڕەوكردنی میتۆدی ئیتمۆلۆژیی لە فێربوونی وشەكانی زمانی دووەمدا) توێژینەوەیەكی (پەسنی)ـە، كە لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە و لە بەشی یەكەمدا تیشك خراوەتە سەر گرنگیی وشە لە فێربوونی زمانی دووەمدا، هەروەها بە كورتی باس لە میتۆدەكانی فێربوونی وشە كراوە، كە بۆ مەبەستی فێربوونی زمانی دووەم بەكاردەهێنرێن، لە بەشی دووەمدا باس لە زانستی(ئیتمۆلۆژیی) كراوە و پاشان باس لە گرنگیی میتۆدی ئیتمۆلۆژیی كراوە، ئەوەش خراوەتەڕوو، كە میتۆدی ئیتمۆلۆژیی كاریگەرترە لە میتۆدەكانی دیكە فێربوونی وشەكاندا.

**كلیلەوشەكان:** ئیتمۆلۆژیی ، میتۆد ، زمانی دووەم ، فێرخواز.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە فێرخوازانی کوردییزمان، ئەوانەی دەیانەوێ فێری وشەکانی زمانی دووەم بن، کەمتربە ئەو ستراتیژ و میتۆدانە ئاشنان، کە بۆ فێربوونی زمانێکی دیکە گرنگن، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بۆشاییەک لەوبارەیەوە پڕبکاتەوە و دەرگایەک لەبەردەم فێرخوازانی کوردییزماندا بکاتەوە.

## کەرەستە و سنووری توێژینەوەکە:

کەرەستەی سەرەکی توێژینەوەکە، ئەو نموونانەن لە سەرچاوەکانەوە وەرگیراون، وشەکانی زمانی ئینگلیزین، بۆیەش نموونە و وشەی زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە، چونکە لە ئێستادا زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم لە زۆربەی وڵاتاندا گرنگی بە فێربوونی دەدرێت ، هەروەها لێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆژییانە لە زمانی ئینگلیزیدا بە بەراورد بە زمانانی دیکە زیاتر گرنگی پێدراوە، ئەمانەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کە ئێمە پەنا بۆ نموونەی زمانی ئینگلیزی ببەین. سنووری توێژینەوەکەش نموونەی وشەکانی زمانی ئینگلیزین.

## (١-١) گرنگیی وشە بۆ فێربوونی زمان

وشە بە بچووکترین پێکهاتەی سەربەخۆی زمان دادەنرێت، واتە: هەر فۆڕمێکی زمانی لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆدا بەکاربهێنرێت، وشە پێکدەهێنێت و دەبێتە کەرەستەیەکی سەربەخۆی زمان.(ئەمیر محمد محمد ئەمین (2016): 17)، لە فێربوونی زماندا وشە بە گرنگترین بەش دادەنرێت، چونکە بەکارهێنانی وشە لە قۆناغەکانی دواتردا، دەبێتە بناغەیەک بۆ فێرخوازان و یارمەتییان دەدات بۆ نووسین و خوێندنەوە و قسەکردن و گوێگرتن.

بەبێ فێربوونی ڕێژەیەکی زۆر لە وشە و زانینی میتۆد و ستراتیژەکانی فێربوونی وشەی نوێ، فێرخواز ناتوانێ سوود لە توانای تەواوی خۆی و دەرفەتەکانی فێربوون لە دەوروبەری، وەکو: (گوێگرتن لە قسەپێکەرانی ئەو زمانە، گوێگرتن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ...تاد) وەربگرێت، چونکە وشەکان دەربڕی هەموو ئەو چەمکانەن، کە لە دەوروبەری مرۆڤدان، وەکو ناوەکان و ڕووداوەکان و ...تاد هەموویان وشەن و دەچنە چوارچێوەی چەمکی وشەوە.

زانینی وشە بە شێوەیەکی ورد و دروست، کاریگەریی لە زانینی ڕێزمانی زمانێک زیاترە، لە کاتی تێگەیشتندا، "ویکینس" لەمبارەیەوە دەڵێت: بەبێ یاسا ڕێزمانییەکان قسەکەر دەتوانێ بەشێک لە پەیامەکانی بگەیەنێت، بەڵام بەبێ وشە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ پەیامەکەی بگەیەنێت. (Wikins (1972): 111) لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ڕۆڵ و بەهای وشە لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەمدا زیاترە لە ڕێزمان و یاساڕێزمانییەکان، چونکە ئەوە زانراوە، کە فێربوونی یاساکانی ڕێزمان بە تەنها، مرۆڤ فێری زمان ناکات، ئەمە بۆ زمانی دایکیش دروستە.

سەبارەت بە ڕێژەی زانینی ئەو وشانەی کە لە فێربوونی زمانێکدا پێویستە، "نەیشن" پێی وایە: زانینی (٣٠٠٠) سێ هەزار وشە پێویستە بۆ فێربوونی زمانێکی تر، بێ ئەوەی فێرخواز تووشی کێشەی تێگەیشتن و دەربڕین ببێتەوە، وشەکان دەتوانن ڕۆڵی گرنگ لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی نووسین و خوێندنەوە و قسەکردن و گوێگرتندا ببینن :Nation (1993): (115) ئەڵبەتە دیاریکردن ئەم ژمارەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بە پێی سروشت و جۆری زمانەکە، دەگۆڕێت.

"ڕۆبینێت" لەو بڕوایەدایە وشە تایبەتێتییەکی جیاوازی هەیە، کە جیایدەکاتەوە لە ڕێزمان و دەنگسازی، فێرخواز لە سەرەتای فێربوونی زماندا، دەتوانێت ڕێزمان و دەنگسازیی زمانەکە بە تەواوی فێرببێت، بەڵام فێربوونی وشە بەردەوامی هەیە، فێرخواز پێویستە بە بەردەوامی وشەی نوێ فێرببێت. (Robinett (1978): 41) ڕێژەی فێربوونی وشەکانی زمانی دووەم کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەکارهێنانی زمانی دووەم هەیە، یەکێک لەو گرفتانەی فێرخواز ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کەمی زانینی وشەکانە، چونکە پێیانوایە لەبەرکردنی هەزاران وشە کارێکی قورس و سەختە، لەمبارەیەوە توێژەران گەشتوونەتە ئەو ڕاستییەی، کە فێرخوازان پێویستیان بە ستراتیژ و میتۆدی جۆراوجۆر هەیە بۆ فێربوونی وشەکانی زمانی دووەم، ئەم میتۆد و ستراتیژانە تەکنیکی جۆراوجۆرن، کە بۆ فێربوون و تێگەیشتنی وشەکانی زمانی دووەم و مانەوەیان لە مێشکدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەکاردێن، ئەم میتۆد وستراتیژانە گرنگن بۆ فێربوونی زمان، لەبەر ئەوەی ئامرازێکن بۆ چالاککردن و خۆئاراستەکردن بۆ گفتوگۆیەکی دروست و ڕەوان.

بە تێپەڕبوونی کات گرنگیی وشە لە فێربوونی زمانی دووەمدا و میتۆدەکانی فێربوونی وشە گۆرانکارییان بەسەردا هاتووە، هەر میتۆدە و گرنگی بەشێوەیەک داوە بۆ فێربوونی وشە، هەندێ میتۆدیش لەپاڵ فێربوونی وشەدا گرنگی بە فێربوونی ڕێزمان داوە، هەندێ میتۆدی تریش تەنها گرنگی بە ڕێزمان و ئاخاوتن دەدەن و پێیانوایە: فێرخواز خۆکارانە فێری وشەکان دەبێت. ئەوەی تا ئێرە باسکرا گرنگیی وشە بوو لە فێربوونی زمانی دووەمدا، لێرە بە دواوە باس لە هەندێ لە میتۆدەکانی فێربوونی زمان دەکەین، بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە، کە کامە میتۆد کاریگەرترە و گرنگیی هەیە لە فێربوونی زمانی دووەمدا:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

### (١-١-١) میتۆدی ڕاستەوخۆ(Direct):

لەم میتۆدەدا فێربوونی وشە مەبەستی یەکەمی فێرخوازانە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە زمانی دووەم یان بە زمانی بێگانە قسە بکات، لەم میتۆدەدا زیاتر گرنگیی بە وشە باوەکانی ڕۆژانە و ئەوانەی بەسەر زاری قسەپێکەرانی زمانەکەوەن و پێویستن لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، دەدرێت.

### (١-١-٢) میتۆدی وەرگێڕانی ڕێزمان(Grammar Translation):

ئەم میتۆدە زیاتر گرنگی بە یاسا ڕێزمانییەکان دەدات، بەڵام لەپاڵ ئەمەدا وشە وەکو یارمەتیدەرێک بۆ فێربوونی یاسا ڕێزمانییەکان بەکاردەبات، بە واتایەکی تر، لەم میتۆدەدا تەنها کاتێک گرنگی بە وشە دەدرێت، کە سوودی لێ وەربگرن لە ڕوونکردنەوەی یاسا ڕێزمانییەکاندا. (Diane Larson and Marti Anderson (2003): 13)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە هەرچەندە میتۆدێک ڕاستەوخۆ گرنگیی بە وشە نەدات، بەڵام دیسانەوە پێویستی بەوەیە، کە وشە بەکاربهێنێت و ڕۆڵی پێبدات، چونکە گرنگیی وشە لە ڕوونکردنەوەی هەر بابەتێکدا شتێکی حەتمی و پێویستە.

### (١-١-٣) میتۆدی خوێندنەوە(Reading Method):

ئەم میتۆدە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کارامەیی و شارەزایی لە خوێندنەوەی زمانی مەبەستدا، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیادکردنی بانکی وشەی فێرخواز و چۆنێتی بەکارهێنانی وشەکانیش، یان بە واتایەکی تر ڕێژەی فێربوونی وشە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر خوێندنەوەش، لەم میتۆدەدا وشە گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە، بە تایبەتی وشە باوەکان کە بە (GSL)ناسراون، کە کۆمەڵە وشەیەکن، کە لە ساڵی ١٩٥٣ لە لایەن زانا (وێست)ەوە دیاریکران، بە مەبەستی فێربوونی زمانێک.

لەم میتۆدەدا هەرچەندە گرنگی بە خوێندنەوە دەدرێت بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بەڵام ڕۆڵی گرنگی وشە بۆ ئاسانکردن و باشترکردنی خوێندنەوە پشتگوێ ناخرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**(١-١-٤) میتۆدی ئۆدیۆلینگوالیزم(Audio Lingualism):**

بەپێی ئەم میتۆدە گرنگیدانی لە ڕادەبەدەری وشە، فێرخواز بە هەڵەدا دەبات، چونکە کاتێک فێری ژمارەیەکی زۆر وشە دەبێت، ئیتر وا هەست دەکات فێری زمانی دووەم بووە. (Marianne Celce and Murcia (2014): 290)، پێویستە ئەوە بوترێت، کە ئەگەرچی ڕەنگە لە ڕواڵەتدا فێربوونی ڕێژەیەکی زۆر لە وشە، وا لە فێرخواز بکات، کە هەست بکات فێری زمانەکە بووە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕۆڵی وشە پشتگوێ بخرێت، بەڵکو زیاتر مەبەستەکە ئەوەیە، کە پێویستە وشەکان بە ڕەمەکی و لە خۆوە لەبەر نەکرێن، بەڵکو بەپێی تەکنیک و میتۆدی تایبەت لەبەر بکرێن، بۆ ئەوەی تێکەڵاوی دروست نەبێت و وشەکان لە یاددا زیاتر بمێننەوە.

**(١-١-٥) میتۆدی پێوەندیی زمانی(Communicative Language):**

ئەم میتۆدەش گرنگی بە یاسا ڕێزمانییەکان و وشەکان دەدات، مەبەستێتی فێرخواز بتوانێ بە شێوەیەکی دروست و پاراو زمانی دووەم بەکاربهێنێت، هەروەکو چۆن یاساڕێزمانییەکان گرنگی خۆیان هەیە بە هەمان شێوە وشەش گرنگییەکی زۆری هەیە، تا لە ڕێیانەوە فێرخواز بتوانێت بە زمانێکی پاراو بدوێت. (Diane Larsen and Martine Anderson (2003): 128) لێرەدا ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە، کە وشە بنەمایەکی سەرەکییە لەم میتۆدەدا، لە پاڵ گرنگیدان بە ڕێزمان، هاوکات گرنگیی لە ڕادەبەدەری وشە ڕۆڵی تایبەتی پێدراوە.

**(١-٢) فێربوونی وشەکانی زمانی دووەم:**

فێربوونی وشەکانی زمانی دووەم(هەر زمانێک)، هەروا کارێکی ئاسان نییە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە شارەزایان و توێژەران، چەندین میتۆد و شێوازی جۆراوجۆریان پێشنیاز کردووە، کە بەکاربهێنرێت لە فێربوونی وشەکانی زمانی دووەمدا، گرنگترینیان ئەمانەن:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**)١-٢-١( شێوازی وێنەیی:**

لەم شێوازەدا بە وێنەکێشان و بەکارهێنانی وێنە یان پیشاندانی شتەکان ڕاستەوخۆ لە پۆلدا، فێرخوازان بە وشەکان ئاشنا دەکرێن، ئەم شێوازە گرنگی خۆی هەیە، چونکە وێنە بە زوویی لە مێشکدا دەچەسپێ.

**(١-٢-٢) خوێندنەوەی دەق:**

لەم شێوازەشدا، چیرۆک و گفتوگۆ(دایەلۆگ) و گۆرانی دەخوێنرێتەوە، فێرخواز لە کاتی خوێندنەوەی ئەمانەدا چاوی بە چەندین وشەی نوێ دەکەوێت، بۆ دۆزینەوەی واتای وشەکانیش پێویستی بە گەڕان و دووبارە نووسینەوەی وشەکان دەبێت. لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین فێرخواز تووشی زەحمەتی زۆر دەبێت بۆ فێربوونی وشە و لێکدانەوەی واتاکانیان، چونکە گەڕان و دووبارە نووسینەوە کارێکی تاقەتبەر و کاتگرە.

**(١-٢-٣) شێوازی پیشاندانی پێوەندیی نێوان وشەکان:**

وەک خستنەڕووی وشە دژواتاکان و هاوواتاکان، لێرەشدا فێرخواز بەدەر لەوەی کە پێویستە فێری وشەیەک بێت، لە هەمانکاتدا وا پێویست دەبێت لەسەری، کە دژواتا و هاوواتای وشەکانیش لەبەربکات و بیانزانێت.

**(١-٢-٤) شێوازی بەکارهێنانی ئاماژە و چالاکی:**

ئاماژەکردن بە کارێک یان ئەنجامدانی کارێک بە پراکتیکی ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ فێربوونی وشەی نوێ. لەم ڕێگەیەشدا هەرچەندە خوێندکار فێری وشەی نوێ دەبێت، بەڵام زۆرجاریش تووشی گرفت دەبێتەوە، چونکە دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کارێک یان چالاکییەکی دیاریکراو ڕەنگە هەموو کاتێک فەراهەم نەکرێت، ئەمەش تا ڕادەیەک لە گرنگیی ئەم شێوازە کەمدەکاتەوە. (Laura Llamosas Corrales (2011): 22-23)

**(١-٢-٥) شێوازی (ئیتمۆلۆژیی) یان ڕەگ و ڕیشەی وشەکان:** یەکێکە لە شێوازە گرنگەکانی فێربوونی وشە، کە کار لەسەر ڕەگ و پێشگر و پاشگری وشەکان دەکات، کاری سەرەکیی توێژینەوەکەش لەسەر ئەم شێوازەیە.

بەدەر لەو شێوازانەی لەسەرەوە باسکران، چەندین شێوازی دیکە هەن بۆ فێربوونی وشە، وەک: وەرگێڕان و ڕوونکردنەوە و پێناسەکردن، لەبەر ئەوەی پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەکی گشتگیریی تاکەکەسییە و پێوەندیی بە هەست و سۆزی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

فێرخوازەوە هەیە، پێویستە هەست و سۆزی فێرخواز لەبەرچاو بگیرێت و ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیە، کە بەکاریدەهێنێت.(Carles rogers(1980): 35)

پێرەوکردنی ستراتیژە جۆراوجۆرەکانی فێربوونی وشە، ڕێگە خۆشکەرە تا فێرخواز بەشێوەیەکی سەربەخۆ زمان فێر ببێت، ئەگەر لە پرۆسەی فێرکردندا فێرخواز ئاشنا بکرێت بە میتۆد و ستراتیژە جۆراوجۆرەکانی فێربوونی وشە، بە ئاسانی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو وشانەدا بکات، کە واتایان نازانێت، بوونی زانیاریی تەواو لە بارەی میتۆد و ستراتیژەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان یارمەتیدەرێکی باشە لە پرۆسەی فێربوونی وشەدا (Ruutmets (2005): 9).

هەر لەمبارەیەوە (نەیشن) بڕوای وایە، کە لە ڕێگەی ئاشنابوونی فێرخواز بە میتۆد و ستراتیژە جۆراوجۆرەکانی فێربوونی وشە، دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر وشە لەبەر بکات، بە جۆرێک کە ئەم میتۆد و ستراتیژانە بۆ هەموو ئاستە جیاوازەکانی فێرخواز گونجاوە، لە هەمانکاتدا یارمەتیشی دەدات، تا بتوانێت ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە و واز لە شێوازی مامۆستاکەی بهێنێت. (Nation (2001): 222) لە ڕاستیدا میتۆدەکان بۆ فێربوونی زمانی دووەم زۆرن و جۆر و شێوازی جیاوازیان هەیە، بەڵام فێرخوازانی زمانی دووەم بەشێوەیەکی بەرچاو میتۆد و ستراتیژی فێربوونی وشە بەکاردەهێنن(O'Mally and Chamot (1990): 7) .

### (١-٢-٦) سودەکانی شێوازی ئیتمۆلۆژی:

یەکێک لە گرنگترین میتۆدەکانی فێربوونی وشە، شێوازی ئیتمۆلۆژیی وشەکانە، کە کار لەسەر ڕەگ و بنەچەی وشە و دارشتنی وشەکان دەکات، ئەم شێوازە گەلێک سوودی هەیە لە فێربوونی زمانێکی وەکو ئینگلیزیدا، وەک:

(١-٢-٦-١) لەم شێوازەدا(ئیتمۆلۆژیی) ڕەگ و پێشگر و پاشگر گرنگترین ڕەگەزن، بۆیە فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی فێری ناسینی ڕەگ و پێشگر و پاشگرەکانی زمانی لاتینی و گریکی دەبن، چونکە زۆری وشە باوەکانی ئەمڕۆ لاتینی و گریکین، کاتێک فێرخواز وشەیەکی نەزانراو دەبیستێ، بە سوودوەرگرتن لە پێکهاتە ئیتمۆلۆژییەکەی دەتوانێت وێنەیەک لە مێشکیدا دروست بکات دەربارەی واتای وشە نەزانراوەکە، ئەمەش یارمەتی دەدات، خێراتر و ئاسانتر وشەکان لە یادگەیدا هەڵگرێت.

(١-٢-٦-٢) ئەم شێوازە یارمەتی فێرخواز دەدات، لە ڕێگەی دانانی پێشگر و پاشگرەکان بەشێوەیەکی دروست و گونجاو، ژمارەیەکی زۆر وشەی ئینگلیزی بە شێوەیەکی دروست پێکبهێنێت.

(١-٢-٦-٣) فێرخواز بە پشتبەستن بەم شێوازە، دەتوانێت پێشبینی واتای هەزارەها وشەی زمانی ئینگلیزی بکات، کە پێشتر نە بینیویەتی و نەبیستویەتی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

(١-٢-٦-٤) یارمەتیدەرە بۆ مانەوەی واتای وشەکان لە مێشکدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، فێرخواز لەم شێوازەدا پێویستە واتای بەشەکانی وشە بزانێت، بە زانینی واتای بەشەکانی وشە دەتوانێت واتای تەواوی وشەکە بزانێت، بەشێکی زۆری وشەکانی زمانی ئینگلیزی ناسادەن، کە لە ڕەگ و پێشگر و پاشگر پێکدێن، هەرکات فێرخواز ئاگاداری پرۆسەی پێکهاتنی ئەم وشە ناسادانە بوو، واتە توانی ڕەگ و پێشگر و پاشگرەکان دەستنیشان بکات، ئەوکات توانای ئەوەی دەبێت، کە ڕێژەیەکی زیاتر وشە لەبەر بکات.

## (٢-١) ئیتمۆلۆژیی چییە؟

ئیتمۆلۆژی زانستێکی کۆنە، لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆنەوە لەلایەن فەیلەسووف و ڕێزماننووسەکانەوە کاری لەسەر کراوە، هەوڵیانداوە ڕیشەی وشە فەلسەفییەکان بدۆزنەوە، بەڵام لە زۆرینەی هەوڵەکانیاندا پشتیان بە میتۆدی زانستی نەبەستووە و بەشێوەی هەڕەمەکی بووە، بەڵام لە ڕۆژگار ئەمڕۆدا زانستی ئیتمۆلۆژی ئیجگار پڕ بایەخە، ئەو کەسانەشی لەم بوارەدا کار دەکەن، بە شێوازی زانستی ئیتمۆلۆژیی وشەکان دەستنیشان دەکەن و بەرپرسیارێتی سەلماندنیشی دەگرنە ئەستۆ.

Etymology)) لە وشەی یۆنانی (Etymon) وەرگیراوە، بە واتای "ڕاستی وشە" دێت (ڕەشید کرمانج (2007): ١٣٩ )، بەڵام لە ئەمڕۆدا دوو واتا دەگەیەنێت، وەکو ناو بۆ لقێکی زانستی زمان، کە لە ڕەگەز و بنجی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، لە هەمانکاتدا باس لەو گۆڕان و پێشکەوتنانە دەکات، کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر خودی وشەکاندا هاتووە (نەریمان عەبدوڵا (2016): ٩٤ ) ، هەروەها بە واتای ڕەچەڵەک و مێژووی وشە و مۆرفیم دێت. (فاروق عومەر سدیق (2016): ٣٩)

زانستی ئیتمۆلۆژیی بۆ دو لقی سەرەکی دابەش دەبێت:

### (٢-١-١) ئیتمۆلۆژیی هاوکات:

لەم لقەدا وشەکانی زمانێک لە وشەکانی دیکەی ئەو زمانە وەردەگیرێت، کە هاوکات لە هەمان زماندا هەن، ئەم لقەیان زیاتر لە ڕیشەی وشە هاوچەرخەکان دەکۆڵێتەوە، ئیتمۆلۆژیی هاوکات زیاتر بۆ وشە سادەکان دەگونجێ و بەکەڵکە. (ئانتۆنی ئارلاتۆ (2013): 46) بۆ نموونە وشەی ئینگلیزی (driver) لە کرداری (drive + پاشگری (er–) پێکهاتووە، یاخود وشەی کوردیی (گەرما) لە ئاوەڵناوی (گەرم) و پاشگر (-ا) دروست بووە، لەم لقەدا تەنها کار لەسەر ڕیشەی وشە داتاشراوەکان دەکرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**(٢-١-٢) ئیتمۆلۆژیی ناوکات:**

ئەم لقەیان مێژووی گۆڕانی وشەیەک بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان بنگیری دەکات، بە پێچەوانەی ئیتمۆلۆژیی هاوکاتەوە، کار لەسەر ئیتمۆلۆژیی وشە ناسادەکان دەکات، کە لە وشەی دیکە دانەتاشراون. (ڕەشید کرمانج (2007): ١٤٠) بۆ نموونە ئیتمۆلۆژیی چاوگی سادەی (کوشتن – Kuştin) لە ڕیشەی (kauş )+(ta نیشانەی ڕابردوو) وەرگیراوە. (محمد حسن دوست (1395): ٢١)

ئیتمۆلۆژیی سوود و گرنگیی زۆرە و دەتوانرێت لە زۆر بواردا سوودی لێ وەربگیرێت، بۆ نموونە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقە ئەدەبییەکان گرنگییەکی لە ڕادە بەدەری هەیە، چونکە کاتێک دەتوانین لە واتای ناوەڕۆکی ئەو دەقانە بگەین، کە لە ئەسڵی وشە و زاراوەکان بگەین، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە شێوازی ئیتمۆلۆژیی دەبێت.(مهدی فدائی (1387): 186) بۆ دیاریکردنی ئەو وشانەی لە زمانێکی ترەوە هاتوونەتەوە نێو زمانەکەوە دەتوانرێت پشت بە شێوازی ئیتمۆلۆژیی ببەسترێت، هەروەها دیسان دەتوانرێت خێزانە زمانییەکان و دور و نزیکی زمانەکان لە یەکترەوە بەم شێوازە دیاری و دەستنیشان بکرێت. هەروەک باسکرا سوودەکانی ئیتمۆلۆژیی زۆرن، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە، پێڕەوکردنی میتۆدی ئیتمۆلۆژییە بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

بە سوودوەرگرتن لە شێوازی ئیتمۆلۆژیی دەتوانرێت خاڵی هاوبەشی نێوان زۆرێک لە وشەکان بدۆزرێتەوە، کە هاوکارە بۆ تێگەیشتنی وشەکان و باشتر تێگەیشتنیان و باشتر بەبیرهاتنەوەیان، بۆ نموونە پێشگر و پاشگرەکان لە زۆرێک لە وشە ناسادە ئینگلیزییەکاندا هاوبەشن، هەرچەندە ئەم پێشگر و پاشگرانە بە تەنیا واتا نابەخشن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی واتای وشەکان هەیە. (**Davoudi and Yousefi (2016): 17**)

لە بارەی ئەم شێوازەوە (پێرسۆن) پێی وایە: شێوازی ئیتمۆلۆژیی، شێوازێکی سەرکەوتووە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، کاتێک فێرخوازان هەوڵدەدەن پێداگرانە لە ڕێی ئیتمۆلۆژییەوە فێری زمان ببن، جگە لە زانینی واتای وشەکان، هەوڵدەدەن بنەچەی وشەکە و قۆناغەکانی گەشەکردنی وشەکە بزانن، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فێرخوازانی زمانی دووەم، کە لە قۆناغەکانی ناوەندیی و پێشکەوتوودان، دەتوانن سوود لەم شێوازە وەربگرن. (**Pierson (1989): 43**)

(٢-٢) (ئیلسۆن) لە بارەی شێوازی ئیتمۆلۆژیی بۆ یارمەتیدانی خوێندکار بۆ فێربوونی زمان، چوار خاڵی ئاماژە پێکردووە:

(٢-٢-١) ناسین و شارەزابوون.

(٢-٢-٢) شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانە بۆ یەکە زمانییەکان، لە ڕووی پێکهاتنیانەوە.

(٢-٢-٣) شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانە بۆ یەکە زمانییەکان، لە ڕووی پرۆسەی وشە دروستکردنەوە.

(٢-٢-٤) شکردنەوەی یەکەکانی وشە لە ڕووی توانای درکپێکردنەوە، بۆ نموونە(میتافۆر). (47 :(1983) Ilson) فێرخوازان یان ئەوانەی، کە خوازیارن فێری زمانی ئینگلیزی ببن، سێ پاساویان هەیە بۆ خوێندنی زمانی لاتینی و ئیتمۆلۆژیی ئەو زمانە:

(٢-٢-٤-١) ژمارەیەکی زۆر وشەی لاتینی لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە.

(٢-٢-٤-٢) لە زانستی زمانی دەروونی (Psycholinguistics) دا چەندین توێژینەوە ئەنجامدراوە، کە دەیسەلمێنن ڕێگەیەکی باشە بۆ لەبەرکردنی وشەکان.

(٢-٢-٤-٣) توێژینەوە نوێیەکانی پەیوەست بە فێربوونی زمانی دووەمەوە، سەلماندوویانە ئەم ستراتیژە بۆ فێربوونی زمان گونجاوە. (19 : (1996) Green)

هەر لەمبارەیەشەوە "بێلمۆ" لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (ئیتمۆلۆژیی و پەرەسەندنی وشە بۆ خوێندکارانی کۆلێژی زمانی دووەم)، تیایدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئیتمۆلۆژیی ڕێگەیەکی گونجاو و بەسوودە بۆ خوێندکارانی کۆلێژ و ئەو کلاسانەی، کە خوێندکارەکانیان لە ئاستی جیاوازدان. (7-6 :(1999) Bellemo)

ئیتمۆلۆژیی میتۆدێکی باشە بۆ ئەوەی فێرخواز بەسەر زمانی ئینگلیزیدا زاڵ بێت، هەزارەها وشەی زمانی ئینگلیزی لەبەر بکات، بە سوودوەرگرتن لە وشە زانراوەکان زۆر بە خێرایی فێری دروستکردنی وشە دەبن، هەروەها "کۆرسۆن" باوەڕی وایە، کە ئەم شێوازە، کە شیکردنەوەی وشەکانە بۆ ڕەگ و پێشگر و پاشگر، لە پرۆسەی فێرکردندا گرنگیەکی تەواوی هەیە، بۆ فێربوونی وشە ئەکادیمییەکانی زمانی ئینگلیزی. (3 :(1997) Corson)

ئاشنابوون بە ڕەگی وشە ئەکادیمییەکانی زمانی گریکی (یۆنانی) و لاتینی ئاسانکاریی زۆر بۆ فێرخواز دەکات، تا وشە ئەکادیمییەکانی زمانی ئینگلیزییش فێر ببێت، ئەم ڕێگایە بەسوودترە لە شێوازی پێناسەکردن، بەبێ ئەم شێوازە فێربوونی بەشێکی زۆری وشە ئەکادیمییەکانی زمانی ئینگلیزی ئاسان نییە و فۆرم و واتایان دژوار و سەختە.

هەر لە بارەی گرنگی و سوودی ئەم میتۆدەوە، هەر یەکە لە "داودی و یوسفی" پێیانوایە، بەکارهێنانی میتۆدی ئیتمۆلۆژیی، کە گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕەگ و پێشگر و پاشگرە، بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەکو کردەی ناوبڕ وایە (واتە: کورتکردنەوەی ماوەی گەیشتن بە ئەنجام)، چونکە ژمارەیەکی زۆری وشەکانی زمانی ئینگلیزی لە ڕەگ و پێشگر و پاشگر پێک دێت. فێرخواز دەتوانێت لە ڕێگەی فێربوونی واتای بنەڕەتی ڕەگی وشەکانەوە پێشبینی واتای ژمارەیەکی زۆری وشە بکات، هەروەها زۆرینەی پاشگر و پێشگرەکانی ئینگلیزیی نوێ لە زمانەکانی ئینگلیزی کۆن و لاتین و گریکییەوە وەرگیراوە، ئەو پێشگر و پاشگرانەش ژمارەیان زۆرە و ناتوانرێت لێرەدا بە لیستێک ئاماژەیان پێ بکرێت. (Davoudi and Yousefi (2016): 17- 18)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

فێربوون و زانینی ڕەگی وشەکان سوودی زۆریان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەیە، چونکە فێرخوازان ڕۆژانە لە کاتی خوێندنەوەدا وشەی نوێیان بەرچاو دەکەوێت، کە لە ڕەگ و پێشگر و پاشگر پێکهاتوون، ئەگەر فێرخواز بنەچە و ڕەگ و ڕیشەی ئەو وشانە بزانێت، دەتوانێت بە ئاسانی پێشبینیی واتای وشە نوێیەکان لە دەقدا بکات.

هەروەها ڕێگەیەکی باشە بۆ خێرا فێربوونی وشە و مانەوەی لە یادەوەریدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. مەزەندە کراوە لە (٦٠%)ی ئەو وشە باوانەی ڕۆژانە لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێن، بەشێک یان تەواوی لە ڕەگ و پێشگر و پاشگر پێکهاتبێت، کە لە لاتینی و گریکییەوە وەرگیراون. بۆ نموونە وشەی ((letter لە وشەی لاتینی (littera) وەرگیراوە کە بەواتای "نامە، پیت" دێت. Littera لە زمانی ئینگلیزی زۆر دەبینرێت، وەک لە وشەکانی (literature) بە واتای "ئەدەب، وێژە"، (literate) بە واتای "خوێندەوار، ڕۆشنبیر" (literally) بە واتای "وەرگێڕانی وشە بە وشە" دێت. کاتێک فێرخواز فێری ئەم وشانە دەبێت، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆی، تا بتوانێن بەبێ گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ پێشبینی واتاو چۆنێتی بەکارهێنانیان بکات.

هەر لەمبارەیەوە "ڕیڤەر" دەڵێت: زانیاریی ئیتمۆلۆژیی دەبێتە هۆی فێربوونی وشەی زیاتر، چونکە یارمەتی فێرخوازان دەدات پێشبینی واتای وشەکان بکەن، ڕوونی دەکاتەوە بۆچی وشەیەک بەو شێوازە دەنووسرێت و زانیاریی لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە دەبێت، کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەسەر واتای وشەکەدا هاتووە، ئەمانەش یارمەتیدەر دەبن، بۆ وەبیرهێنانەوەی واتای وشە. (Rivers(1989): 465) پێویستە فێرخوازان ئەو مۆرفیمانە بناسنەوە، کە لە ژمارەیەکی زۆر وشەدا دووبارە دەبنەوە، چونکە بە لایەنی کەمەوە زانینی واتای بەشێک لە وشەکە یارمەتییان دەدات پێشبینی واتای وشە نوێیەکان بکەن، کە لە دەقدا دەیبینن و واتاکەی نازانن، بەشێکی زۆری فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر شێوازی ئیتمۆلۆژیی ڕەگی وشەکان نییە، هەروەها تێگەیشتنێکی باشیان نییە لەسەر چۆنێتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێشگر و پاشگرەکان بەسەر واتای وشەکەیدا دەهێنن.

گرنگیی ڕێبازی ئیتمۆلۆژیی تەنها بۆ زانینی ڕەگی تاکە وشەیەک گرنگ نییە، بەڵکو یارمەتیدەرێکی باشیشە بۆ فێربوونی کۆمەڵەوشەیەک، کە "یەک" ڕەگی هاوبەشیان هەیە، یارمەتییان دەدات تا لە ناوەڕۆکی وشەکان تێبگەن و وشەی نوێ بەو وشانەوە ببەستنەوە، کە پێشتر فێری بوون، بۆ نموونە هەریەک لە وشەکانی (dense) بە واتای "خەست" (density) بە واتای "چڕی دانیشتووان" (dent)بە واتای " قوپاندن" (condensation) بە واتای "چڕبونەوە" لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینی densus)) بە واتای "ئەستور، خەست" ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ بەستنەوەی ئەم وشانە بەیەکەوە کە خاوەنی یەک ڕەگن. ئەم ستراتیژەش هاوشێوەی میتۆدی (سکیماتا)یە، کە پێی وایە زانیاریی بابەتە پێکەوە گرێدراوەکان ئاسانتر لە مێشکدا دەچەسپێ و دەتوانرێ خێراتر بیربێتەوە و بەکاربهێنرێت، شێوازی ئیتمۆلۆژیی لەم خاڵەدا لەگەڵ تیۆری (سکیماتا)دا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

هاوبەشە. (Anderson (1984): 142)، چونکە لە ڕێبازی ئیتمۆلۆژییدا بوونی زانیاریی لەبارەی بەشەکانی وشە و واتاکانیان یارمەتی فێرخواز دەدات هەرکاتێک وشەی نوێی بەرچاو دەوت، ئەم زانیارییانە بەکاربهێنێتەوە.

توێژینەوە (زمانەوانییە_دەروونی)ـەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مێشک شێوازی جۆراوجۆری هەیە بۆ وەرگرتنی وشە، یەکێکیش لەو شێوازانە فێربوونی وشەیە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەوە، کە پێی دەوترێت شێوازی "ڕۆتین" کە تیایدا زانیارییەکان پێشتر پەیوەست نەکراون، لەمڕووەشەوە لە میتۆدی (سکیماتا) جیاوازە، چونکە بەپێی سیکماتا ئەو زانیارییانەی لە مێشکدا تۆمارکراون پەیوەستکراون بە یەکەی ترەوە، ئەمەش وا دەکات ئاسانتر بەبیربێتەوە و بەکاربهێنرێت. ((Corson (1997): 4

لە میتۆدی "ڕۆتین"دا ئەگەر کۆمەڵەوشەیەک لە مێشکدا تۆمارکرابێت و یەک ڕەگیشیان هەبێت لە کاتی بەکارهێناندا ئەم وشانە وەکو وشەی سەربەخۆی جیاواز بەبیردێنەوە، بۆ نموونە وشەکانی (circumspect-spectacle-retrospection-inspection) هەرچەندە ئەم وشانە لە بنەڕەتدا هەمان ڕەگیی لاتینیان هەیە، کە بریتییە لە (Spect) کە بە واتای سەیرکردن دێت، بەڵام لە میتۆدی ڕۆتیندا یارمەتیدەری نابێت تا زوو وەبیربێتەوە و بەکاربهێنرێت. بەڵام لە میتۆدی "سیکماتا"دا فێرخواز بە هۆی زانینی واتای ڕەگەکەوە (spec)ئەگەر هات و لە تێکستدا واتای دروستی ئەو وشانە نەزانێت، کە هەمان ڕەگی لاتینیان هەیە، بە لایەنی کەمەوە دەتوانێت پێشبینی واتای وشەکان بکات و لە واتاکەیان نزیک ببێتەوە، هەروەها دەتوانرێت ئەو وشانەی کە هەمان ڕەگیان هەیە، بۆ گروپەکەی زیاد بکرێت.

(هۆڵمێس و کێفەر) لە توێژینەوەیەکدا، ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە فێربوونی ڕەگی لاتینی و گریکیی وشەکان دەبێتە هۆی باشتر شارەزابوون لە زمانی ئینگلیزی. (Holmes and Keffer (1995): 47) لە تاقیکردنەوەیەکی زانستیدا کە لەسەر فێربوونی وشەکانی زمانی ئینگلیزی ئەنجامدراوە، تیایدا فێرخوازان بۆ دوو گروپ دابەشکراون، گروپی یەکەم پشتیان بە میتۆدی فێربوونی ڕەگی لاتینیی وشەکان بەستووە، گروپی دووەمیش بەپێی خواستی فێرخوازەکان شێوازەکانی تری فێربوون بەکارهێنراوە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە شێوازی ئیتمۆلۆژیی و زانینی ڕەگی لاتینیی وشەکان ڕێگەیەکی سەرکەوتووتر و کاریگەرتر بووە بۆ فێربوونی وشەکان. (Bellemo (1999): 1,7)

**(٣-٢) ئیتمۆلۆژیی وەک میتۆدێک بۆ فێربوونی وشە:**

بۆ فێربوون و فێرکردنی لە چەندین ستراتیژ و ڕێباز و شێوازی جۆراوجۆر هەن، کە هەریەکەیان بە تایبەتمەندیی خۆی و بە لەبەرچاوگرتنی چەند ڕێوشوێنێک خراوەتەڕوو، یەکێکیش لەو میتۆدانە میتۆدی "ئیتمۆلۆژیی" وشەکانە، ئەم میتۆدە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، کە یارمەتی فێرخواز دەدات، کە بەشێوەیەکی باشتر لە وشەکان تێبگات و بەبیری بێتەوە و پاشانیش بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بەکاریان بهێنێت.

بە پێی سەرچاوە و توێژینەوەکان ئەم میتۆدە میتۆدێکی سەرکەوتووە و مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی دەتوانن سوود لەم میتۆدە وەرگرن بۆ فێرکردنی وشەکانی زمانی دووەم، هاندانی فێرخواز بۆ بەکارهێنانی ئەم میتۆدە گرنگە، چونکە یارمەتی خوێندکار دەدات زووتر و خێراتر فێری وشەکانی زمانی دووەم ببێت، بۆیە دەکرێ ڕێنمایی فێرخواز بکرێت، ئەگەر ویستی فێری وشەکانی زمانی دووەم ببێت ئەم میتۆدە (ئیتمۆلۆژیی) زیاتر لە شێوازی لەبەرکردن بە ڕێگەی دووبارەکردنەوە (ڕۆتین)، بەکاربهێنێت.

ئەزموونەکان (Test)ە جیهانییەکانی زمانی ئینگلیزی هاوشێوەی (TOFEL , IELTS, PET) هەموویان گرنگییەکی زۆر بە وشە دەدەن، زانینی فۆرمەکانی وشە بە یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندن دادەنرێت.

لەمبارەیەوە (مەک کارسی) پێی وایە زمان بەبێ وشە هیچ گرنگییەکی نییە، فێرخواز هەرچەند زانیاریی لەسەر ڕێزمان و دەنگسازیی هەبێت، بەڵام ناتوانێت بەبێ وشە هیچ پەیامێک بگەیەنێت و هیچ پەیامێک وەربگرێت. :McCarthy (1990) (1) هەروەها (چاستیان) بڕوای وایە: بەبێ وشەی گونجاو هیچ کەسێک ناتوانێ لە بیروبۆچوون وبیرۆکەی کەسانی تر تێبگات، لەبەر ئەوە فێربوونی وشەی نوێ زۆر گرنگە بۆ فێرخواز، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، ئەو کەسانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وشەی زیاتر دەزانن و بەکاری دەبەن، بە بەراورد بەو کەسانەی کە وشەی کەمتر دەزانن و کەمتر وشە بەکاردەبەن، ئاسانتر کاریان دەستدەکەوێت و دەبنە خاوەن داهاتی باش.(Chastian (1988): 31)

لێرەدا مەبەستمانە ئەوە بڵێین: کە وشەکان تەنها بۆ فێربوونی زمانی دووەم گرنگ نین، بەڵکو لە بەڕێکردنی ژیانێکی بێ گرفت و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیشدا ڕۆڵی گەورە و گرنگیان هەیە.

تەنانەت ئەو خوێندکار و فێرخوازانەی کە لە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندیی دەست بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەکەن، گرنگییەکی زۆر بە وشە دەدەن، بە تایبەتیش وشە ئەکادیمییەکان، هەربۆیە چەندین شێواز بۆ زانین و فێربوونی وشە دەگرنەبەر، وەک: شێوازی دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوە و ...تاد. بەڵام ئەو وشانەی لەبەری دەکەن، بۆ ماوەیەکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

کورتەو دوای تاقیکردنەوەکان لە بیریان دەچێتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەڵبژاردنی ئەو شێوازەی لە فێربوونی وشەکاندا بەکاردەهێنرێت گرنگییەکی زۆری هەیە، تا فێرخواز بتوانێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە یادگەیدا بیهێڵێتەوە.

ڕۆژ بە ڕۆژ زمانی ئینگلیزی بەرەو فراوانبوون دەچێت، بە وشە و زاراوە و دەربڕینی نوێ، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە؛ یەکەمیان بۆ باشتر تێگەیشتنی زمانەکە، دووەمیان بۆ بەکارهێنانی ئەم زمانە لەلایەن کەسانێکەوە کە پێشتر بەکاریان نەهێناوە.

زمانی ئینگلیزی زمانێکی داینامیکییە و توانای بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاریی و گونجاندنی هەیە، هەر بۆیە بووە بە زمانێکی (ئەنگلۆفرانکا) ، زمانێکە بەکاردێت بۆ گفتوگۆکردن لە لایەن گروپ و نەتەوەی جیاوازەوە، کە زمانی دایکی هیچکامیان نییە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، هەر زمانێک کە وشە و زاراوە ببەخشێت بە زمانانی تر و وشە و زاراوە لە زمانانی تر وەربگرێت.(Arundhathi Yamsani (2018): 53)

هەندێک پێیان وایە زمانی ئینگلیزی زمانێکی بێگەرد و ڕەسەن و زیندووە، هەندێکی تریش پێیانوایە زمانێکی مردووە، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە پێویستی بە سەیرکردنی ڕیشە و ڕەچەڵەکی وشەکان هەیە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ماندووکەرە و کاتێکی زۆری پێویستە.

فێربوون لە ڕێگەی ئیتمۆلۆژیی یەکێکە لە کاریگەرترین ڕێگاکانی فێربوونی وشە، وشەکانی زمانی ئینگلیزی لە سەرەتادا لەوانەیە وا دەرکەوێت، کە وشەگەلێکی نەناسراو و نامۆبن، بەڵام کە ڕەگ و ڕیشەی وشەکە وەردەگیرێت، ئەوکاتە ڕووندەبێتەوە، کە ئەو وشەیە لە چ زمانێکەوە وەرگیراوە؟ چۆن هاتۆتە نێو زمانەکەوە؟ چۆن گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە؟ هەرچۆنێک بێت لە بارودۆخە پیشەیی و ئەکادیمییەکاندا پێویستە زانیاریی تەواومان لەسەر وشە هەبێت، بۆ ئەوەی بگەینە ئاستێکی ستاندارد، تێگەیشتن لە ڕەگی وشە یارمەتیمان دەدات، کە بە فۆڕمی وشەی نوێ ئاشنابین، بشزانرێت بە چ ئاڕاستەیەکدا پەل دەهاوێ و بڵاو دەبێتەوە، پێشبینی واتای وشەی نوێ بکرێت و بۆ ماوەیەکی زیاتر لە هزردا بمێنێتەوە.

"ئیلسۆن" کە نووسەری سەرەکی (لۆنگ مان_Longman)ی ئینگلیزیی سەردەمە، پێی وایە ئیتمۆلۆژیی بریتییە لە زانیاریی لەسەر چۆنێتی داڕشتنی وشەکان و بڕگەکان و دەستەواژەکان، زانیارییە ئیتمۆلۆژییەکانی بۆ چوار بەش پۆلێن کردووە:

1- دیاریکردنی وشە بنەڕەتییەکان و وەرگیراوەکان.
2- شیکاریی مۆرفۆلۆژییانەی پێکهاتەی وشەکان.
3- شیکاریی مۆرفۆلۆژییانەی داڕشتنی وشەکان.
4- شیکاریی وشە وەرگیراوەکان و چۆنێتی داڕشتن و پەرەسەندنیان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

زانینی واتای ڕەگی وشەیەک یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بتوانرێت چەندەها وشە، کە یەک ڕیشەی هاوبەشیان هەیە بیربکەویتەوە. (48 :(1983) llson) بۆ نموونە (air) لە زمانی ئینگلیزی بە واتای "هەوا" لە بنەڕەتدا لە (aer) یۆنانییەوە هاتووە بە واتای "فوتێکردن، هەناسەدان" ئەم وشەیە لە داڕشتنی هەریەک لە وشەکانی (aerial)بە واتای "هەوایی"(aerometer) بە واتای "پێوەری هەوا" (aerogram)بە واتای "نامەی هەوایی" بەشداربووە. لەم نموونەدا دەردەکەویت دیاریکردنی وشە وەرگیراوەکان یارمەتیدەرە بۆ پیشبینی واتای ئەو وشانەی کە لە پێکهاتنیاندا بەشداربووە.

نمونەیەکی دیکە وەکو: (tra, tract) ڕەگی وشەیەکی لاتینییە، کە بە واتای (draw off) دێت و بە کوردییش واتا (دوورخستنەوە یان لابردن).

یاخود وشەکانی (١) (extract) و (٢) (attract) و (٣) (distract)، کە هاوواتا ئینگلیزییەکەیان بەمجۆرەیە ١- (take out) و ٢- (draw near) و ٣- (drawn away)، بە کوردییش بە واتای: ١-(دەرهێنان) و ٢- (ڕاکێشان) و ٣- (دوورخستنەوەی شتێک) دێن.

ئەگەر سەرنج لەو نموونانەی سەرەوە بدەین، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە زانینی واتای ڕەگی وشەی (tar, tract) یارمەتیدەربووە بۆ پێشبینی کردنی واتای وشەکانی (١ و ٢ و ٣)، کە هەمان ڕەگیان هەیە. بۆیە دەکرێت وشە جیاوازەکان هەمان ڕەگیان هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو وشانە بە تێپەڕبوونی کات گۆرانیان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە وشەی (clacis) ی لاتینی لە ئینگلیزیدا بە واتای (pebble)دێت، کە بە کوردیی دەبێتە (چەو، بەرد، زیخ)دێت، لە واتای وشەکەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە وشەی (calculus) لە زانستی "کیمیا"دا بە واتای (بەردی گورچیلە) دێت، هەروەها وشەی (Calculator) کە واتای (ژمێرەر_حاسبە)دێت، لە هەمان ڕەگەوە وەرگیراوە.

ئەگەر سەرنج لەو ڕوونکردنەوە و نموونانەی سەرەوە بدەین، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە لەگەڵ زانینی ڕەگی وشەکەدا، مرۆڤ ڕاستەوخۆ توانای پێشبینی کردنی وشەکانی تری بۆ دروست دەبێت، کە لەو ڕەگەوە وەرگیراون، ئەمەش دەری دەخات، کە ڕێگەی ئیتمۆلۆژیی ڕێگەیەکی کاریگەرە لە فێربوونی وشەکاندا.

لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (کاریگەریی ئیتمۆلۆژیی لەسەر فێربوونی وشە و مانەوەی لە مێشکدا)دا، کە لە وڵاتی ئێران، بە بەشداریی کۆمەڵێک فێرخوازی ئێرانی، کە ئەدەبی عەرەبیان خوێندووە، ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە، کە فێرخوازەکان لە ڕێگەی ئیتمۆلۆژییەوە توانیویانە باشتر فێری وشە نەزانراوە ئینگلیزییەکان ببن. بڕوانە:( Fatemeh Soleimani and Fateme Azizmohammadi, 2015)

بە هەمان شێوە گروپێک توێژەری تر لە وڵاتی ئێران، لە زانکۆی "ئەراک"، ئامانجیان ئەوەبوو، کە کاریگەرترین ڕێگای فێربوونی وشە بدۆزنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا، کە (٥٩) کەس بەشدارییان تێدا کرد، کە بەسەر

دوو گرووپدا دابەشكرابوون، گرووپێكیان شێوازی جۆراوجۆری فێربوونی وشەیان بەكارهێنابوو، گرووپەكەی تریش شێوازی فێربوونی ڕەگی گریكی و لاتینی واتە (ئیتمۆلۆژیی)ـان بەكارهێناوە، لە ئەنجامدا دەركەوتووە، كە شێوازی ئیتمۆلۆژیی زیاتر كاریگەرترە لە شێوازەكانی تری فێربوونی وشە. (Zimmerman, 1997: 83)

هەردوو توێژەر(حەسەن سلێمانی و حەدیسە فەتحوڵا پوور)یش لە زانكۆی "پەیامی نوور"ی ئێران، توێژینەوەیەكیان لەم بوارەدا ئەنجامداوە، لە توێژینەوەكەیاندا گەشتنە ئەو ئەنجامەی، كە ئەو خوێندكارانەی شێوازی فێربوونی وشە لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە بەكاردەهێنن، دەتوانن پێشبینی واتای وشە نەزانراوەكان بكەن، لە ڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان وشە تازەكان و ئەو وشانەی، كە پێشتر زانیویانە، چونكە لە میتۆدی ئیتمۆلۆژییدا تەكنیكی جۆربەجۆر هەیە، كە كاریگەر و چێژبەخشن بۆ وەرگرتنی وشەكان، كە هانی فێرخواز دەدەن بۆ زیاتر وەرگرتن و لەبەركردنی وشەی نوێ. (Hassan Soleimani and Hadiseh Fallahpour(2016): 84-91)

هەر بۆ ئەم مەبەستە، هەندێك لە توێژەرانی وەك: (ئیشمیت و نەیشن) جەخت لەوە دەكەنەوە، كە ستراتیژەكانی فێربوونی وشە، كە فێرخواز بەكاریان دێنێت، كاریگەریی ئەرێنی لەسەر فێربوونی وشە هەیە، یەكێكیش لەو ستراتیژانە (ئیتمۆلۆژیی)ـە، كە لە ڕێیەوە فێرخواز دەتوانێ زاڵ بێت بەسەر وشە و دەربڕینەكاندا و تێگەیشتنی تەواوی هەبێت لە كاتی گفتوگۆكردندا، بۆیە پێیانوایە ئیتمۆلۆژیی یەكێكە لە گرنگترین و سیستەماتیكترین ڕێگاكانی وەرگرتنی وشە، كە فێرخواز بۆ فێربوونی وشەی نوێ دەتوانێ بەكاری بهێنێ، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگەكان. (Nation, 2001; Schmitt, 2000)

زۆرێك لە پێشنیازی ئەو توێژینەوانەی لەمبارەیەوە كراون، هانی مامۆستیانی زمانی ئینگلیزی دەدەن، كە ئەم شێوازە بگرنەبەر لە وتنەوەی وانەكانیاندا لە میانی فێركردنی وشەی نوێ بە فێرخوازەكانیاندا بەكاری بهێنن، هەروەها داواش لە خوێندكاران دەكەن، كە لە بری شێوازە كۆن و ڕۆتینییەكان ئەم شێوازە بەكاربهێنن. (Fatemeh Soleimani and Fateme Azizmohammadi, 2015: 1545-1555)

## ئەنجامەکان

ئەم توێژینەوەیە لە کۆتاییدا گەشتۆتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١_ بەکارهێنانی میتۆدی ئیتمۆلۆژیی بۆ فێربوونی وشەکانی زمانی دووەم، یەکێکە لە میتۆدە سەرکەوتووەکان و سوودێکی زۆری هەیە، لە کاتی پیادەکردنیدا وەکو میتۆدێکی فێرکاریی بۆ فێربوونی زمانی دووەم، چ بۆ مامۆستایان و چ بۆ فێرخوازان.

٢_بەرنامە و بیرۆکەی میتۆدی ئیتمۆلۆژیی لە فێربوونی وشەکانی زمانی دووەم و دواتریش خودی زمانی دووەم، پێچەوانەی میتۆدەکانی تری وەک: لەبەرکردنی وشەکان و ڕێگەی دووبارەکردنەوە.

٣_ئەم شێوازە یارمەتی فێرخواز دەدات، کە وشەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە یادگەیاندا بمێنێتەوە.

٤_ئەو فێرخوازانەی کە لە ڕێی ئەم میتۆدەوە فێری وشەکانی زمانی دووەم دەبن، دەتوانن پێشبینی واتای وشە نەزانراوەکان بکەن، ئەویش لە ڕێی دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان وشەتازەکان و ئەو وشانەی پێشتر فێری بوون.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

# The use of etymology method of learning second language vocabulary

**Muhammed Majeed Saeed**

Department of Kurdish Language, College of Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: Muhammed.majeed@garmian.edu.krd

**Bakhan Sarhad Abdulrahman**

Department of Kurdish Language, College of Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: Bakhan.sarhad@garmian.edu.krd

**Abstract:**

This research is entitled (Using Etymology to Teach Second Language Words). It consists of an introduction and two main parts and conclusions. Overall, this research is about the method of etymology, how it plays an important role in teaching and learning second language words while learning the language in such a way that the word's origin helps the learner to understand the verbal meaning sooner. And to guess the meaning of those words have the same roots.

In this study, more of the English word was used, as many English words are available in the root language.. Finally, the results of this study are discussed.

**Key Words:** Etymology, Method, Second Language, Learner.

# سەرچاوەکان


Anderson, G. S. (1984), A Whole Language Approach to Reading, Lanham, MD: University Press of America.

Arundhathi Yamsani ( 2019), Etymology – an effective approach to Vocabulary acquisition, Journal of Research in Humanities and Social Science Volume 6 .

Bellemo TS (1999), Etymology and Vocabulary Development for L2 College Students, *TESL- EJ Journal* 4(2)

Chastain K (1988), Developing Second Language Skills Theory and Practice, 3rd edition (Harcourt Brace Jovanovich, Inc.).

Corson (1997), The learning and use of academic English words,

Davoudi, Yousefi (2016), The Effect of Keyword Method on Vocabulary Retention of Senior High School EFL Learners in Iran, *Journal of Education and Practice*, v7.

Diane Larsen and Marti Anderson(2003), Techniques and Principles in Language Teaching, oxford university press.

Fatemeh Soleimani and fatemeh Azizmohammadi (2015), The effect of etymology of an additional language on Iranian EFL learners vocabulary retention, Indian Journal of Fundamental and Applied Life Sciences, vol 5.

Green(1996), The Greek and Latin Roots of English, The Reading Matrix Journal, New York: Ardsley House.

Hassan Soleimani, Hadiseh Fallahpour (2016), The Correlation Between Creativity in Male and Female Iranian EFL Learners and Guessing Through Etymology, International Journal of English Language and Literature Studies, Asian Economic and Social Society, vol. 5(2).

Holmes, T. C., & Keffer, R. L. (1995), A Computerized Method to Teach Latin and Greek Root Words: Effect On Verbal SAT Scores.

Ilson(1983), Etymological information: can it help our students?, ELT journal, v37.

Laura Llamosas corrales(2011), Teaching Vocabulary Learning Strategies: A Vocabulary Improvement Program For EFL Beginner Students From Centro Cultural Peruano Norteamericano Arequipa, Universidad DE PIURA.

Marianne Celce and Murcia(2014), Teaching English as a Second or Foreign Language, National Geographic Learning.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

McCarthy MJ (1990), Vocabulary, (Oxford: Oxford University Press).

Nation ISP (2001), Learning Vocabulary in Another Language, (Cambridge, UK: Cambridge University Press).

Nation l.s.p, (1993), vocabulary size growth and use, Amsterdam/ philadelphia, johan benjamens.

O'Malley, M. J., & Chamot, A. U. (1990), Learning Strategies in Second Language Acquisition, Cambridge, UK: Cambridge University Press.

Pierson HD (1989), Using etymology in the classroom, *ELT Journal*.

Rivers, W. M. (1981), Teaching Foreign-Language Skills Chicago, Illinois: University of Chicago Press.

Ruutmets (2005), vocabulary learning strategies in studding English as foreign language.

Schmitt N (2000), Vocabulary in Language Teaching, (Cambridge, UK: Cambridge UniversityPress).

Wilkins .D. (1972), Linguistics in language Learning, Arnold, London.

Zimmerman, C. (1997), Do Reading and Interactive Vocabulary Instruction Make a Difference? An Empirical Study, TESOL Quarterly, 31,1.

ئەمیر محمد محمد ئەمین (2016)، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، نارین، هەولێر.

ئانتۆنی ئارلاتو (2013)، بەراییەک بۆ زمانناسی مێژوویی، و: مەهدی سەنەندەجی، چاپی یەکەم،خانی، دهۆک.

ڕەشید کرمانج (2007)، ڕیشەناسی، وەرزنامەی زانستی- لێکۆڵینەوەی کۆڕی زانستی زمانی کوردی- ئێران، ژ (3).

نەریمان عەبدوڵا (2016)، زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ڕۆژهەڵات، هەولێر.

فاروق عومەر سدیق (2016)،لە دایکبوونی وشە،چاپی دووەم، تاران.

محمد حسن دوست (1395)، فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، جلد چهارم، چاپ دوم، تهران.

مهدی فدائی مهربانی (1387)، نقدی بر جایگاه اتیمولوژی در روش شناسی احمد فرید، دو فصلنامه علمی- پژوهشی "پژوهش زبان و ادبیات فارسی" شماره (10).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020